Skolverket

Utbildningsinfo.se

Sydkurdiska, Barn- och fritidsprogrammet

# بەرنامەی چاودێری منداڵان و کاتەکانی بەتال

ئایا حەزدەکەیت بە ئیش لەگەل خەلک بکەی؟
ئایا حەزدەکەیت بە فێربوونی چونیەتی بەدەست هێنانی کاتەکانی بەتالی بەچێژ بو مندلان و تازە پێگەیشتووەکان و ئەوانەی بەسال دا چون ببی؟
ئایا حەزدەکەیت بزانی کە ئەو کارانەی کە یارمەتی پێشکەوتنی خەلک دەدەن بەرێوە ببەی و رێک بخەی؟
ئایا حەزدەکەیت کارەکەت تاقی بکەیتەوە لەکاتی خوێندنت لە قۆناغی دواناوەندی؟
ئایا حەزدەکەیت بەردەوامبوون لە خوێندن لە دوای قۆناغی دواناوەندی؟
کەواتە لەوانەیە بەرنامەی چاودێری منداڵان وکاتەکانی بەتالی گونجاو بێت بۆت.

سەرەرای ئەوەی کە پێ دەلێن "بەرنامەی چاودێری منداڵان و کاتەکانی بەتالی" فێری چونیەتی کارکردن لەگەل خەلک لە هەمو تەمەنەکان دەبی. لە وانەیە حەزبکەی بو ئەوەی کەوا ژیان بەسال داچوەکان زیاتر بەچێژ بێت، یان بەردەوامی ویارمەتی خەلکی پەککەوتوەکان بدەی. دەتوانی بناغەکانی کارێکی وەکو ئەمە لە بەرنامەی چاودێری منداڵان و کاتەکانی بەتالی بەدەست بێنی.

## کارکردن و بەردەوام بوون لەخوێندن

بەرنامەی چاودێری منداڵان و کاتەکانی بەتالی بەرنامەیەکی ئامادەکراوی پیشەیی یەکسەر نیە. بو بەدەست هێنانی کارێک لەو بوارەی کە جێ ی سەرەنجی تۆیە، لە وانەیە پێویستت بە خوێندێکی زۆربیت، وەک خوێندن لە پەیمانگایەکی بالا یان لە پەیمانگەیەکی پیشەیی بالا.

## ئەو کارانەی کە دەتوانی بەدەستی بێنی

کاتێک کە بەرنامەیی چاودێری منداڵان و کاتەکانی بەتالی دەی خوێنی، بناغەیەکی چاک بۆت پەیدا دەبیت بو ئەوەی لە هولەکانی مەلەوانی یان هولەکانی وەرزشی جەستەیی کاربکەی، یان سەرپەرشتیاری چالاکیەکان. ئەگەر ویستت بەردەوامی بدەیە خوێندن چەندین هەلت بە دەست دەکەوێت، کەوا دەتوانی بخوێنی بو ئەوەی ببی بە چاودێری منداڵان، هاوکاری قوتابی، هاوکاری پەروەردەیی، ماموستا، پولیس، پاسەوان، پاسەوانی زیندان، پەروەردەکاری کومەلایەتی، قەشە، تایبەتمەندی کومەلایەتی، زانای دەروونی، سەرپەرشتی کاتەکانی بەتالی، پەروەردەیی کاتەکانی بەتالی، پسپوری کاتەکانی بەتالی یان سەرپەرشتی وەرزشی. و هەروەها دەتوانی خوێندنی بالا لە بواری گەشت وگوزار هەلبژێری.

## ناوەرۆکی بەرنامەکە

بەرنامەی چاودێری منداڵان و کاتەکانی بەتالی پێک دێت لە چەندین خولی خوێندن. بەشێک لەم خولانەی خوێندن بەزوورە بو هەموو قوتابیان لە قوتابخانەکانی دواناوەندی. بەلام خولەکانی تر تەنیا لە بەرنامەی چاودێری منداڵان و کاتی بەتالی دەخوێندرێت. وهەندێک خول خۆت بە خۆت هەلدەبژێریت.

بەرنامەکە بواری تایبەتی نیشتیمانی هەیە. واتا هەموو ئەوانەی بەرنامەی چاودێری منداڵان و کاتەکانی بەتالی لە هەمو وولات دەی خوێنێن ئەوانە دەتوانن لە نێوان بوارانە هەلیبژێرن. سەرەرای ئەمە لە وانەیە بواری تایبەتی تر لە هەندێک لە قوتابخانەکانی دواناوەندی هەبێت، و لەوانەیە یەکێک لە وانە گونجاو بێت بۆت. پرسیار لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی بکە!

ئەو بوارە تایبەتی یە نیشتمانیانە ئەمانن:

- چالاکەکانی پەروەردەیی کومەلایەتی – بو تو هەیە تایبەتمەندی لە فێرکردن و گەشەسەندنی منداڵان و لاوان، یان دەتەوێت زیاتر لە کاری کومەلایەتی لەگەڵ خەلک لە تەمەنە هەمە جورەکان فێر ببێت.
- کاتەکانی بەتالی – بو تۆ هەیە تایبەتمەندی لە بواری رەوشنبیری و کاتەکانی بەتالی، و فێری چونیەتی نەخشە کێشان و سەرکێشی لاوان و چالاکەکانی کاتەکانی بەتالی ببی.

## پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پراکتیکی

لە بەرنامەی چاودێری منداڵان و کاتەکانی بەتالی دەتوانی کاریگەری لەسەر سیستەمی خوێندنەکەت بکەی. بەم رێگایە دەتوانی بەرگەی بەر پەرسیاریتی بگری و نەخشە کێشان فێر ببی و راهێنان لە سەریان بکەیت. و هەروەها بو تۆ هەیە پەیوەندی زیاتر بە جیهانی دەرەوە بکەیت لە دەرەوەی قوتابخانە، ولەوانەیە قوتابخانە هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە کومەلەکان بکات. کە بابەتێکی دەستنیشانکراو بخوێنیت، دەتوانی شارەزایەکانی خۆت لە قوتابخانەی تاقی بکەیەوە وجێ بە جێ بکری لە راستیدا لە رێگای پروژەیک لە کومەلەکەدا.

لە بواری خوێندنیت لە قوتابخانەی دواناوەندی بەلایەنی کەمەوە 15 هەفتە لە مەشق پێکردن دەست ئەکەوێت لە شوێنی کارکردن(APU).واتا لە رێگای بەشێک لە خوێندنت هەلدەستی بە جێ بەجێکردنی شارەزایی یە پراکتیکی یەکانت لە یەک یان زیاتر لە شوێنیی کارکردن .ئەمەش ئامرازێکیی باشە یارمەتیت دەدات بتوانی پەیوەندی ببەستی کە ئەتوانی بەکاری بهینی کاتی پێشکەش کردن بۆ کارمەندایتی لەپاشان. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە رێک بخرێت.

## ئایندە و هەلی کار

لە سالەکانی دووایی ژمارەیەکی زۆر لە وانەی کە لە بەرنامەی چاودێری منداڵان و کاتەکانی بەتالی خوێندویانە، توانیان خوێندنەکانیان لە پەیمانگاکانی بالا لە دووای قوتابخانەی دواناوەندی تەواو بکەن. و ژمارەیەکی زۆر لەوان توانیان خوێندنیان تەواو بکەن بو ئەوەی ببنە چاودێری منداڵان یان ماموستای باخچە. کاتێک ژمارەیەکی زۆر بەردەوامی دەدەنە خوێندن و باوەرنامەیەکی بەرز تر بە دەست دێنن لەو کاتە زور زەحمەتە کارێکی یەکسەر لە دووای قوتابخانەی دواناوەندی بەدەست بێنی. لە کاتی ئێستا ژمارەیەکی زۆر نی یە لەو کەسانەی کە بەردەوامی دەدەنە خوێندنی بالا. لەوانەیە بتوانی یەکسەر کارێک لە دوای لە کوتایی هێنان قوتابخانەی دواناوەندی بە دەست بکەوێت، بەلام زۆر زەحمەتە بلێین کە ئایا لە دووای چەند سالێک بارەکە چۆن دەبێت.